# کامیان تاوانبارترن: سەدام و بەعس یان دەوڵەتی عێراق؟

بەختیار کەریم

قسەکردن لەسەر لایەنە یاسایی و دادوەرییەکەی دادگاییکردنەکەی سەدام حوسەین، بۆ مرۆڤی کورد زۆر سەختە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە ئاگاهییەکی یاسایی هەبوو، یان لانیکەم لەخەمی دادوەرییدا بوو. لەڕاستییدا هەموو ئەو بابەتانەی لەسەر دادگاییکردنی سەدام و ئەسحابەکانی لەلایەن نووسەرانی کوردەوە نووسراون، لە قەیرانی پشگوێخستنی سەرەکیترین پرسیاری هەموو پرۆسەیەکی یاساییدان: ئایا لە دادگاییکردنی سەدام ئامانج دادوەرییە، ئایا ئەو کەرەستە و ڕێسایانەی دادگا کاریان پێدەکات کەرەستە و ڕێسای سیاسیین یان یاسایی؟ خۆ ئەگەر نووسەرێک ئەم پرسیارانەی وروژاندبێت، لەبەر هەستی خوێنەرەکانی بە بەڵێ وەڵامی هەردوو بەشی پرسیارەکەی داوەتەوە. گرنگە لەیادمان بێت کە یەکێک لە هەڕەشە هەرە گەورەکانی سەر داد و پرۆسەی یاسایی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، نەکردنی پرسیاری لەم جۆرەیە. لێرەدا ئێمە لەتوانامانداندا نییە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، بۆیە دەگەڕێنەوە سەر سەختی قسەکردن لەسەر لایەنە یاساییەکەی دادگاییکردنی دڕندەترین دیکتاتۆری سەردەمەکەمان. سەختی ئەو قسەکردنەی لەسەرەوە هێمامان بۆ کرد، بۆ دوو هۆکاری دیارکراو دەگەڕێتەوە، کە هەوڵ دەدەین دەستنیشانیان بکەین:

یەکەم، دادگاییکردنی کردنی سەدام بۆ هەموو مرۆڤێکی کورد، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی ڕاستەوخۆ بوونەتە قوربانیی تاوانەکانی دەوڵەتی عێراق لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سەدام و بەعسدا، زۆر دڵخۆشکەرە. چونکە زۆربەی ئەو ئامانجە یاسییانە بەدیدەهێنێت کە هەر قوربانییەکی تاوان بەدیهاتنیان دەخوازێت، وەک سزا، تۆڵە، کۆتاییهێنانی ئازارەکانی قوربانی، دڵنیایی لە دووبارەنەبوونەوەی هەمان تاوان....هتد.

دووەم، دادگاییکردنی سەدام هەستی تێپەڕاندنی قۆناغێکی سەخت و خوێناوی لای مرۆڤی کورد دروست دەکات، هەستی کۆتاییهاتنی سەردەمی جینۆساید و ڕەشەکوژی لای قوربانییەکانی ئەو تاوانانە دروست دەکات.

هۆکاری یەکەم کە ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە کەسی قوربانییەوە، هەموو شەرعیەتێکی هەیە، واتا قوربانی مافی تەواوی هەیە ئەو چاوەڕوانیانەی لە یاسا هەبێت کە دەستنیشانمان کردن. بەڵام هۆکاری دووەم کە ناڕاستەوخۆ وابەستەیە بە قوربانییەوە، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە کۆهەستی کۆمەڵایەتیانەی ئێمەوە بۆ دەرئەنجامە سیاسییەکانی ئەو دادگاییکردنە. واتا ئەوە ئێمەین بڕوامان وایە کە دادگاییکردنی سەدام و پاشان سزادانی بە لە سێدارەدان کۆتاییەک بۆ ئەو سەردەمە دادەنێت، کە بە سەردەمی جینۆسایدی کورد و فەرمانڕەوایی بەعس ناسراوە. گرنگە دڵنیابین کە دەشێت ئەم هەستانە جگە لە خۆشخەیاڵی و بڕوایەکی میدیاکرد و داڕێژراوی حیزب هیچی دیکە نەبن. بۆیە دوان لەسەر ئەم لایەنە کارێکی زۆر گرنگە. با سەرەتا ئەو چاوەڕوانییە سیاسییەی ئێمە لە دادگاییکردنی سەدام هەمانە بخینە ژێر پرسیارەوە، واتا با بپرسین: ئایا دادگاییکردن و سزادانی سەدام و ئەسحابەکانی، کۆتایی بۆ سەردەمی جینۆسایدی کورد دادەنێت؟ پاشان گفتوگۆ لەسەر ناونیشانەکەمان بکەین، کە ئایا کامیان تاوانبارترن: سەدام و بەعس یان دەوڵەتی عێراق؟

جێگەی سەرنجی هەموو کەسێکە کە کەمێک لە پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانباران تێبگات، کاتێک سەرۆک وەزیرانی هەنووکەی عێراق لە کوەیت دەڵێت بەم زووانە دادگاییکردنی سەدام تەواو دەبێت و لە سێدارە دەدرێت. ئەگەر مالکی سەرۆک وەزیرانی یەکێک بوایە لەو وڵاتانەی تیایاندا دەوڵەتی یاسا باڵادەستە، لەسەر ئەو دەربرینە ناچاردەکرا دەست لە کار بکێشێتەوە، چونکە ئەو دەربرینە دەستێوەردانێکی سیاسیی ئاشکرایە کە گورزێکی کوشندە لە بێلایەنی دادگاکە دەدات. بێگومان ئەمە یەکەم دەستێوەردانی سیاسییەکانی عێراق و بگرە ئەمریکیەکانیش نییە لە دادگاییکردنی سەدام، کە بۆ زۆرێک لە یاساناسان نیشانەی پرسیارن لەسەر ئەو دادگاییکردنە. بەڵام دادگاییکردنی سەدام، وەک گووتمان، بۆ ئێمەی کورد گرنگی زرۆی هەیە. لەبەرئەوە با گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەم دادگاییکردنە سەربەخۆ و بێلایەنە و مەبەست لێی دادوەریی کردنە بۆ سارێژکردنی زامی قوربانییە زۆرەکان. هاوکات با بگەڕێنەوە بۆ قسەکردن لەسەر پرسیارە گرنگەکە، کە ئایا چاوەڕوانی ئێمە لە دادگاییکردنی سەدام وەک کۆتایی جینۆساید، چاوەڕوانییەکی تەندروستە، یان خۆشخەیاڵییە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، سەرەتا پێویستمان بەوە هەیە کە زۆر بە کورتی ئەو ناوکۆییە مێژووییە بەیادبهێننەوە کە ئەنفال و هەڵەبجەی بەرهەمهێنا. بێگومان هەڵەیەکی گەورە و چاوپۆشیکردنێکی سامناکە لە تاوانەکانی دەوڵەتی عێراق، ئەگەر پێمان وابێت کە ئەنفال لە ناکاو ڕوویدا، یان زادەی سەرەڕۆییەکانی سەدام و بەعس بوو. بەڵکو دەبێت سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق وەک سەرهەڵدانی کێشەی کورد ببینین، کێشەیەک کە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکیان بۆ دەدا. دەشێت تەمەن کورتی ئەو ڕژێمانە ڕێگر بووبن لە دۆزینەوەی "دوا ڕێگەچارە" بۆ "کێشەی کورد"، بۆ هەر یەک لەو ڕژێمانە کێشەی کورد، کێشەی سەرەکیی دەوڵەتی عێراق بووە. هەر بۆیە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕژێمی بەعسدا، ئەم کێشە سەرەکییەی عێراق بڕیاری چارەسەرکردنی دەدرێت، واتا "سڕینەوەی ڕەگەزیی" کورد لای بەعس دەبێتە دوا ڕێگەچارە. ئەوەی گرنگە لەبەرچاوی بگرین، کە کێشەی کورد بۆ دەوڵەتی عێراق، وەک کێشەی خیانەتی کەمایەتییەک بۆ "نیشتیمانی دایک" مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، هەربۆیە دواجار ئەم بیانوە کرایە پەردەپۆشێک بۆ ناساندنی ئەنفال وەک ئۆپەراسیۆنێک دژ بە یاخییبوان و خیانەتکاران. هەمان ئەم دیدە لای هەر کام لە ڕژێمەکانی دیکەی عێراق بەدیدەکرێت، بەڵام ئەوەی بەعس لەوان جیادەکاتەوە، ئەو هەلە زێڕینەیە کە بۆی گەلاڵە بوو بۆ لەناوبردنی کورد، هاوکات بەکارهێنان و سوودوەرگرتنە لە دوا داهێنانەکانی تەکنەلۆجیا.

ئەگەر ڕێگە بەخۆمان بدەین پێشبینییەک دەربارەی ئایندەی کورد لە عێراقدا بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین: بەو پێیەی کە هەستی سەربەخۆخوازی بەسەر زۆرینەی کورددا زاڵە، کورد لە چوارچێوەی عێراقدا هەر وەک کێشەی سەرەکیی دەمێنێتەوە، جگە لە جیابوونەوەش هیچ ڕێگەچارەیەک داوا ڕێگەچارە نابێت، لەبەرئەوە کورد، بەدەر لەوەی فیدراڵیخوازەکان پێمان دەڵێن، وەک هەمان خائینەکەی جاران دەمێنێتەوە و ئەمەش دەیخاتەوە بەردەم هەمان هەڕەشەکانی پێشوو.

کەواتە ئەگەر چاوەڕوانیمان لە دادگاییکردنی سەدام، تەنها سزادانی پیاوێک بێت، کە گومان لە تاوانباریی و دڕندەیی ناکرێت، ئەوا ئێمە بێئاگا تاوانی دەوڵەتی عێراق و چەندین دەوڵەتی دیکە لەیاد دەکەین. کاتێک ئێمە ڕازیبووین بەو دیدەی کە ئەمڕۆ لە نێو ئەمریکییەکان و زۆربەی عەرەبەکانی عێراقدا زاڵە، دیدێک کە هەموو تاوانەکانی دەوڵەتی عێراق دەخاتە ئەستۆی سەدام، ئەوا بێگومان ئێمە بە کوتاییهاتنی دادگاییکردنی سەدام، کۆتاییەکیش بۆ دادگاییکردنی تاوانباران لەسەر ئەنفال دیاری

دەکەین. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەگەر ئێمە ئەنفال و هەڵەبجە بە تاوانی تاکەکەسیانەی سەدام بزانین، ناچاردەبین پاش سزادانی سەدام کۆتایی بە باسی ئەنفال بهێنین، یان بیکەینە باس کە تەنها لە نێوەندە ئەکادەمییەکاندا جێگەی بایەخ دەبێت. لەڕاستییدا ئەنفال دەبێت بەردەوام سێنتەری داڕشتنی پەیوەندی ئێمە بێت لەگەڵ دراوسێکانماندا، ئەگەر وەک سەرکردەکانی کورد پێمان دەڵێن، عێراقی نوێ شوێنێکی جیاوازە لە عێراقی کۆن، چما دانیشتوانی ئەم عێراقە نوێیە هەوڵ نادەن لەڕێگای داوای لێبوردنەوە ئەو نوێبوونەوەیەی عێراقمان بۆ بسەلمێنن. بەڵام پێناچێت عێراق هەرگیز توانای نوێکردنەوەی هەبێت، بەو تێگەشتنەی سەرکردەکانی کورد باس لە عێراقی نوێ دەکەن. وەک دەزانین کە دەوڵەتی عێراق لەسەر کۆمەڵێک گریمانە دامەزرا، ئەم گریمانانەش هەر لە ڕۆژی یەکەمی دروستبوونی ئەم دەوڵەتەوە بە ئاگر و ئاسن پارێزگاریان لێکراوە و تۆخ کراونەتەوە. بەڵام سەرکردایەتی کورد ڕاستن کاتێک باس لە عێراقی نوێ دەکەن، چونکە ئەوان چیتر وەک خائین ئاماژەیان بۆ ناکرێت لەلایەن سەرانی عێراقەوە، بگرە خۆیان بەشێکن لە سەرانی عیراق. بەڵام ئەمە تەنها جیاوازییەکە لەنێوان عێراقی پێش و پاش سەدام، نەک گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تێڕامان و جیهانبینی سیاسییانەی عێراقیەکاندا بۆ کورد. هەبوونی سەرکردایەتی کوردیش لە پێگەی بڕیاردا تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە ئەم بڕیارانە وەک بڵقی سەر ئاون، وەک دەزانین کە ئەمڕۆ هیچ کام لە سەرکردەکانی عێراق بڕیارەکانی بستێک بڕناکات، کەواتە هیچ شانازییەک نییە بۆ کەسێکی وەک تاڵەبانی کە سەرۆک کۆماری دەوڵەتێکی شکستخواردوی لەبەریەکهەڵوەشاو بێت و بڕیارەکانی هەمان کاریگەریی فەتوای مەلایەکیان نەبێت.

کەواتە بەدەر لە گرنگی دادگاییکردنی سەدام لە ڕووە سیاسییەکەیەوە بۆ ئەمریکا و حکومەتەکەی عێراق، بەدەر لە گرنگی ئەم دادگاییکردنە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ قوربانیانی شاڵاوەکانی سەدام و سوپاکەی، بۆ ئێمەی کورد ئەم دادگاییە گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت ئەگەر دادگاییکردنی ویژدانی عەرەبی عێراقی بەشێک نەبێت لەو دادگاییکردنە، ئەو دادگاییکردنە جگە لە بەهایەکی کاتیی هیچی دیکەی نابێت، ئەگەر دادگاییکردنی دەوڵەتی عێراق و ناچارکردنی بە داوای لێبوردن لە قوربانییەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکە بەشێک نەبن لە دەرئەنجامەکانی ئەو دادگاییە. کاتێک ئێمە شکستمانخوارد لەوەی ویژدانی بیماری عەرەبی عێراقی بەئاگابهێنینەوە، کاتێک نەمانتوانی بیسەلمێنین کە ئەوە دەوڵەتی عێراقە بەرپرسی سەرەکییە لە جینۆسایدی کورد نەک سەدام و بەعس بەتەنها، ئەوکاتە ئێمە جینۆسایدی کورد دەکەین بە دۆزێکی عێراقی کە ڕژێمێکی دیاریکراو تاوانی بەرامبەر بە هاووڵاتیە عێراقییەکانی خۆی کردوە. بەڵام هەموومان باش دەزانین کە ئەنفال و هەڵەبجە لە دژی هاووڵاتیانی عێراقی نەبوون بەڵکو لە دژی کورد بوون وەک نەتەوەیەک کە ڕازی نییە لە چوارچێوەی عیراقدا بژی.

لە کۆتاییدا گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە کە زیندووهێشتنەوەی ئەنفال و هەڵەبجە تەنها لەڕێگای پاراستنی کۆیادەوەریی (collective memory) خۆمانەوە ناکرێت، بەڵکو پاراستن و چالاکردنی ئەم کۆیادەوەرییە دەبێت هاوشان بێت لەگەڵ جەجت کردنەوە لە کۆگوناهباریی (collective guilt) ئەوانەی بەشێک بوون لەو تاوانە جینۆسایدییانەی دژی کورد کران. بێگومان سەدام و ئەسحابەکانی وەک کۆمەڵێک کەسی بڕیار بەدەست لەو سەردەمانەدا، ڕاستەوخۆ تاوانبارن و پێویستە سزا بدرێن، بەڵام ناکرێت سزادانی ئەوان لە تاوانبارکردنی دەوڵەتی عێراق جیابکەینەوە، چونکە دواجار ئەوان تەنها فەرمانبەری دەوڵەت بوون. کەواتە ئەوەی تاوانباری سەرەکییە لە جینۆسایدی کورد دەوڵەتی عێراقە، سەدام و ئەسحابەکانی تاوانباری نێوەندین.

2006/07/16

ئۆكسفۆرد / ئینگلاند

مافی كۆپیكردنی ئەم بەرهەمە پارێزراوە @ www.dengekan.com